


# فڕۆكەی تەكسی ڤۆلۆسیتی لە خەیاڵەوە بۆ ڕاستی

خەیاڵ سەرچاوەی بیرۆكە و داهێنانە، ئەوەی ئەمڕۆ ڕەنگە بە خەیاڵ بێت سبەی ببێتە ڕاستی، هەر وەك ئەوانەی دوێنێ بۆ ئێمە خەیاڵ بوون.

كۆمپانیای ڤۆلۆكۆپتەر بەنیازە هەر لەم ماوەیەدا خەیاڵێك وەڕاستی بگێڕێ، ئەویش تەكسییەكان لەبری ئەوەی جادەكان قەرەباڵغ بكەن بە ئاسماندا بفڕن و زووتریش بگەنە مەبەست.

لەم ماوەیەدا كۆمپانیای ناوبراو فڕۆكەی تەكسی جۆری VOLOCITY بەرهەمهێنا. ئەم فڕۆكەیە بەشێوەی ستوونی بەرز دەبێتەوەو بەهۆی ١٨ پەروانەی كە هەیەتی دەتوانێت بە خێرایی ١١٠ كیلۆمەتر لە ئاسماندا بفڕێت. خێراییەكە زۆر نییە، بەڵام هەر ئەم خێراییە بۆ مەزنە شارەكان زۆرە، چونكە لە مەزنە شارەكان بەهۆی قەرەباڵغییەوە تەكسی جار هەیە مەودایەكی كەمیش ناتوانێ ببڕێت.

یەكێك لە كێشە گەورەكانی تەكسی فڕۆك بواری ئەمنیەتیەتی، چونكە بچووكترین كێشە لە تەكسی فڕۆكەدا زیانێكی گەورەی هەیە و یەكسانە بە نەمانی سەرنشینەكانی. بۆیە كۆمپانیای ناوبراو ١٨ پەروانە یا ڕۆتۆری بۆ داناوە. ئەگەر یەك یان دوو دانە لەو پەروانانەش تێكبچن كێشەی بۆ نایەتە پێش. لەسەریەك ٩ پاتری بۆ داندراوە هەتا لەماوەی گەشتەكەیدا تووشی كێشەی نەمانی وزە نەیەت. ڤۆلۆكۆپتەر ڕادەگەیەنێ كە لەداهاتوودا ئەم تەكسیە بەبێ شۆفێر دەبێت و هەر خۆی بەبێ كۆنترۆڵی مرۆڤ كار دەكات.

# ئۆتۆمبیلی هیوندا بۆ منداڵان



كۆمپانیای هیوندا (Hyundai) كۆمپانیایەكی ناسراوی بەرهەمهێنی ئۆتۆمبێلە، لەم دواییەدا ئۆتۆمبێلێكی بچووكی بۆ منداڵان بەرهەم هێناوە كە تەواو وەك ئۆتۆمبێلی جۆری Hyundai 45 دەچێت، بەڵام سایزەكەی بچووكە و تەنیا شۆفێرێكی بچووك هەڵدەگرێت.. ناوەكەشی هەر هەمان ناوە بەڵام پاشگری Mini واتە Hyundai mini 45.

خێرایی ئۆتۆمبێلە بچووكەكە تەنیا ٧ كیلۆمەترە لە كاتژمێرێكدا.. ئەو خێرایەش بۆ منداڵان زۆر گونجاوە. دیزاینەكەی تەواو وەك دیزاینی ئۆتۆمبێلە گەورەكە دەچێت، كورسی شۆفێر لەناوەندایە. پەیكەری ئۆتۆمبێلەكە لە ئاسن دروست نەكراوە بەڵكو لە دارێكی بەهێزە و دوو مۆتۆڕی كارەبایشی لەسەرە.



# کاتژمێرێک چاودێری تەندروستیت دەکات

کۆمپانیـای هـواوی لـە مـاوەی ئـەم چەنـد سـاڵەی دواییـدا توانـی بگاتـە ریـزی کۆمپانیـا دەستەبژێر و یەکەمەکانی جیهان.. مۆبایل و ئامێرەکانی دیکە هواوی لـە ریـزی یەکەمـەکان دان و ململانێیەکـی جیـدی لەگـەڵ کۆمپانیاکانـی دیکـە دەکات..

هـواوی بـە بەرهەمهێنانـی کاتژمێری Watch GT 2E چۆ قۆناغێکی دیکەوە.. کاتژمێرێك کە چاودێرێکی تەندروستی تەواوی بەکارهێنەرەکەی دەکات.

ئەگەر بەکارهێنەر راهێنانی وەرزشی بکات، بێگومان زانینی رێژەی ئوکسیجن لە خوێندا، رێکخستنی لێدانی دڵ، رێکخستنی کاتەکانی راهێنان، پرۆگرامدانانی بۆ بوارەکانی دیکەی ژیان زۆر گرنگە. تەنانەت ئەگەر کاری وەرزشـیش نەکەی دیسـان پێویسـتت بەوەیە کە چاودێرێکت هەبێت لە مەترسـی و نەخۆشـییەکان ئاگادارت بکاتەوە. رەنگە بۆ هیچ کەسێك ئەوە نەگونجێت و نەکرێت کە شەو و رۆژ یەکێك چاودێری تەندروستیت بکات، بەڵام کاتژمێری Watch GT 2E بەردەوام لە خزمەت بەکارهێنەرەکەی دایە. تواناکانی کاتژمێرەکە ئەوانەن:

٨٥ شـێوازی راهێنانـی دایـە، وەك شـاخەوانی، پارکـۆر، ئێسـکێت، مەلەوانـی، ماراسـۆن، بەپێـی رۆیشـتن، پایسـکل لێخوڕیـن، راهێنانـی وەرزشـی...تاد. کاتژمێرەکـە لـە گشـت ئـەو ساتانەی کـە بەکارهێنەرەکـەی خەریکـی ئەنجامدانـی جوڵـەی وەرزشـییە، زانیـاری لەبـارەی جەسـتە و کێشـەکانی تەندروسـتی بەکارهێنەرەکـەی کۆدەکاتـەوەو ئەگـەر هەسـتی بـە شـتێکی نەخـوازراو کـرد ئـاگاداری دەکاتـەوە.

توانـای Max Vo2 هەیـە واتـە یارمەتی بەکارهێنەرەکەی دەدات تا رێژەی ئوکسـیجن لە خوێندا بزانـێ و تێبـگات هـەر راهێنانێـك چەندە لە سـەر ماسـولکەکانی دڵی کاریگـەری هەبووە.

رێـژەی سترێسـی بەکارهێنەرەکـەی دەپێـوێ تـا بەکارهێنەرتێبگات لـە هەفتەیەکدا چەندجار و لە چ کاتێکدا تووشـی سـترێس بووە. زیاتر لە ٥٠٠ گۆرانی وئـاوازی تێـدا تۆمـار دەکـرێ و تـا لەکاتـی وەرزش کردنـدا گوێیان لێبگرێ.





# ماوسێکی نوێ لە ستایلێکی کۆندا

ماوس کە شاکلیلی چوونە ناو شاری کۆمپیوتەرە، دەکرێ بڵێین بەبێ ماوس ناتواندرێ سوودێکی ئەوتۆ لە کۆمپیوتەر ببینن.. کارکردی ماوسە کلاسیکیەکان وابوو کە تۆپێك واتە گۆیەك لە خوارماوسەکە بوو کە بە جولاندنی دەسووڕا و بەهۆی ئەویش هێمای ماوس لەسەر شاشەکە دەجوولا.. بەڵام لە ماوسە نوێیەکاندا لەبری گۆ تیشکی لەیزەر ئەم ئەرکە ئەنجام دەدات.

کۆمپانیای Logitech (لۆجتیك) ماوسێکی نوێی بە ناوی Trackball ERGO M575 بەرهەم هێناوە کە بەشێوەی ماوسە کلاسیکییەکان گۆیەك واتە Trackball یەکی هەیە، بەڵام گۆیەکە لەبری لە ژێرەوە بێ لەسەرەوەیە بەکارهێنەر بە پەنجەکانی جوڵەی پێدەکا. ماوسی ئاماژە بۆ کراو جگە لە دوو دوگمەی راست و چەپ دوو دوگمەی دیکەشی هەیە کە دەکرێ بە ویستی خۆت پرۆگرامی بۆ دابنێی.

ماوسەکە بێ وایەرە و لە بلووتوس سوود وەردەگرێ، بەڵام دینگلێکیشی لەگەڵدایە کە دەکرێت سیستەمی وای-فایش بەکار بهێنرێت.



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

**پرسیارێك کە زۆربەی خوێنەران و بەکارهێنەرانی مۆبایل دەپرسن ئەوەیە کە بۆچی دەنگی مۆبایلەکەم کەمە یان وەکو پێشو نییە؟**

خوێنەرانی بەڕێز هەندێك هۆکار هەن بۆ کەمبوونەوەی دەنگی مۆبایل. رەنگە کەڤەرێکت لەسەردانابێ و ئەو کەڤەرە شوێنی سپیکەرەکانی گرتبێ. یان رەنگە ئەو کەلێنانەی دەنگیان لێوە دێ، پیس ببن و پێویستە بە دەرزییەکی باریك بە ئارامی خاوێن بکرێنەوە.. یان رەنگە تەڕ بووبێت..

دوو پرۆگرامی گرنگ هەنە بەناوەکانی Music Volume EQ و هەروەها Bass Booster کە بەهۆی ئەوانە دەکرێت گۆڕانکاری لە دەنگدا بکرێت ئەگەر کێشەکە پەیوەندی بە بڵندگۆکانی مۆبایلەکەوە نەبن وەك خراپ بوون و تەڕبوون.

# پایسکل بە دیزاینێکی سەرنج راکێشەوە

بە تێپەڕینی رۆژگاریش هێشتا پایسکل بایەخی خۆی لەدەست نەداوە، لە سەردەمی کرۆنادا جارێکی دیکە لە زۆر شاراندا لە ئۆتۆمبێل زیاتر بەکارهێنرا. دیزاین و شێوازی پایسکل نزیك بە نیو سەدە دەبێت گۆڕانێکی ئەوتۆی بەسەردانەهاتووە، بەڵام کارکردەکەی گۆڕانی بەسەرداهاتووە، ئێستا چەند ساڵێکە پایسکلی ئەلکترۆنیش بەرهەمهاتوون، پایسکلێك کە لەبری بەهێزی پێدان کار بکات، بە وزەی پاتری کار دەکات.

لەم ماوەیەدا کۆمپانیایەکی بەرهەمهێنی پایسکل داهێنانێکی نوێی لە دیزاینی پایسکلدا کرد و پایسکلی ئەلکترۆنی جۆری Hubless reevo ebike بەرهەم هێنا، کە ناوەندی تایەکانی بۆشەو هیچ شتێکی تێدا نییە.. پایسکلەکە جگە لەوەی بەهێزی باتری کار دەکات و شوێنی پێدانیشی هەیە. لاستیك و تایەکانیشی گۆڕانیان بەسەرداهاتووەو وەك پێشوو نین و لەکاتی پەنجەر بوون یان کێشەیەکدا بە ئاسانی دەردەهێنرێن. داخستن و قفڵ کردنی پایسکل بە ئاسانی بە پەنجەمۆر دەکرێت. هەروەها هەستەوەری دژی دزین و سیستەمی GPS تێدایە.





# چاویلکەیەکی زیرەک و تواناکانی

هواوی لە ماوەی رابردوودا نوێترین چاویلکەی ژیرۆکی خۆی بەناوی Eyewear II خستەڕوو. چاویلکەیەك توانا و تایبەتمەندییەکانی ئەمانەن:

دیزاینێکی سەرنجراکێشی هەیە، سپیکەری نیوە کراوەی چاویلکەکە ئەزموونێکی نوێیە بۆ بەکارهێنەر. دەنگی سپیکەرەکە لە روونی و زوڵاڵیدا هاوتای نییە. سیستەمی دەنگی چاویلکەکە بە سوود وەرگرتن لە شەپۆلی دەنگی، دەنگەدەنگی زیادی دەرەوە رادەگرێت. بە جۆرێك کاتێك پەیوەندییەکت بۆ دێ، ئەگەر دەنگە دەنگیش هەبێت کێشەت بۆ نایەتە پێش چونکە بەکارهێنەر گوێی لێنابێت.

بە دەست پێداهێنان کۆنترۆڵ دەکرێت. بە دەست پێداهێنان بە دەسکی چاویلکەکە دەنگی کەم و زیاد دەکرێت. بە لێدانی دوو پت لە لای راست دەنگەکە دەوەستێ، بەڵام بۆ لای چەپ چالاك دەبێتەوە.

بە دوو پتە لێدان لەلای چەپ یان راست دەتوانی وەڵامی پەیوەندییەکان بدەیەوە. سیستەمی بلوتوس ٥ی لەسەرە و لەگەڵ ئامێرەکان بە شێوەی ئۆتۆماتیکی پەیوەند دەدرێت. کاتێك شەحن دەبێتەوە دەکرێ هەتا پێنج کاتژمێر سوودی لێوەربگری.



## به ده خولەک ماڵپەر دروست بکه

حەز دەکەی ماڵپەڕی تایبەت بەخۆت هەبێ، جا بۆ هەر مەبەستێك کە نیازت بێ.. ماڵپەڕ، ماڵی مەجازی بەکارهێنەر جا تاکەکەس هەبێ یان گروپ و کۆمەڵ و کۆمپانیا..

ئەگەر دەتهەوێ بە ئاسانتری شێواز ماڵپەڕێك بۆخۆت دروست بکەی، گەلێك سایتی تایبەت بە دروستکردنی ماڵپەڕ هەن، ماڵپەڕی https://webzi.ir/ کە ماڵپەڕێکی ئێرانییە ئەو هەلە دەڕەخسێنێ کە لە ماوەی تەنیا دە خولەکدا بتوانی بەئاسانترین شێوە و بەبێ ئەوەی هیچ شارەزاییەکی ئەوتۆت لەسەر دروستکردنی ماڵپەڕ هەبێ، ماڵپەڕ دروست بکەی.. تەنیا بەکردنەوەی ماڵپەڕی ناوبرا و دروستکردنی هەژمارێکی تایبەت بەخۆت. لەوێدا چەندین چوارچێوە و قالبی ئامادە هەن کە دەتوانێ هەڵیانبژێری و دەستکاریان بکەی..

## هەم شەحنە و هەم هاردی دەرەکییە

کۆمپانیای SanDisk چالاکییەکانی لە بواری بەرهەمهێنانی میمۆری و هارد و فلاش میمۆری دایە. لەم ماوەیەدا کۆمپانیای ناوبراو شەحنێکی بێ وایەری خستەڕوو کە جگە لەو ئەرکە هاردێکی درەکیشە. شەحن یا هاردی دەرەکی Ixpand Wireless Charger Sync راستەوخۆ باکاپ لە وێنە و ڤیدیۆکانی مۆبایلەکان هەڵدەگرێتەوەو کێشەی کەمبوونی میمۆری مۆبایلیشت نامێنێ. هەرکاتێك مۆبایلەکەت بۆ شەحنکردنەوە لەسەر شەحنی بێ وایەری ناوبراودانا هەر ئەوکات ئەگەر بەکارهێنەر نیازی هەبێت دەتوانێ وێنە و ڤیدیۆکانیش بەبێ هیچ وایەرێك بخرێنە سەر هاردەکە. هاردەکە ٢٥٦ گیگابایتە، رەنگە زۆر نەبێت، بەڵام هەر ئەو رێژەیەش بۆ مۆبایلێك کە میمۆرییەکەی کەمە زۆر گونجاوە.

